

لەتیف فاتیح فەرەج

# جەهل و قەڵەم



**سەرەتا:**

باری ڕۆشنبیریی کوردی، بەهیچ شێوەیەک لە بارە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکەی باشتر نییە، ئەگەر لەباری سیاسیی کوردیدا خیانەت و سەنگەر گۆڕکێ و شەڕی ناوخۆ و سەدان جۆری ململانێ و ناجۆری هەیە و لەباری کۆمەڵایەتیماندا هێشتا کۆمەڵگە لەو پەڕی پاشکەوتوییدایە و لە هەموو بوارەکاندا تا هێزی بازوو بە عەقڵییەتی فیوداڵی لە گۆڕێ بێت، بە هیچ جۆر پەنا نابەینە بەر دادگا و بۆ یەکلا کردنەوەی بچوکترین کێشە تا گەورەترین، دادگا دوا مەنزڵە کە سەری پیا ناکەین!! لە کاتێکدا ئەگەر بڕیارە ئێمە لەم دۆخە کۆمەڵایەتییە شێواوە ڕزگارمان بێت، دەبێ فێربین لە دادگاوە هەنگاو هەڵهێنین، دەبێ

فـێـری ئەوە بین چۆن لە دەرگـاوە بەژورکـەوین نەک لەسـەر دیوار و لە پەنجـەرەوە، باری ڕۆشنبیرییمان بە هیچ کلۆجێک لەو دوو بارەی دیکە تەندروست تر نییە، دەبینی لە ڕۆشنبیریی ئێمەدا دزی و خیانەت و بیر و ئەندێشە دزین و دەیان ڕێگای دیکە ڕەوایی پێ دراوە کە ناکرێ، لێرە و لەوێ هەڵوەستـەی لەسـەر نـەکەین، دەشێ گـەورەترین ڕۆشنبیریی ئێمە لە ئێستادا، دزترینیان بووبێت لە دوێنێدا، ئەمە ناکرێ گشتگیر بکرێت هەڵنەسەنگاندن و نەخوێندنەوەی ئەو بارودۆخە شێواوە، جگەلە سەرگەردانی هیچی دیکە بەرهەم ناهێنێ، دەمێکە دەمەوێت لەسەر ئەو بارودۆخە شـێواوە هەڵوەستـەیەک بکەم. هەڵبـەت یەکێک لەگرفتـەکان ئەوەیە نازانی لە کوێوە دەست پێ بکەیت، لە کاتێکدا نەریت وایە، ئەوەی لە بواری تەکنەلۆژیادا بەرەو پێشـەوە دەڕوات زمانیش دەمـەزەرد دەکاتەوە، ئێمـە لەم وێرانەیەدا کە خـۆمان زۆری شانازی پێوە دەکەین، بە هەمان زمانی فیوداڵیەوە، بە هەمان ئەندێشە و خـەیاڵەوە دەمانەوێت بچینە سـەر مانگ، وەک ئەو عـەرەبەی بە سـواری حوشترەوە دەیەوێت بە مـەریخ دا بگەڕێت، دەشێ ئەم نموونەیەم لە ئاکامی خوێندنەوەی چەند بابەتێکی ئەحمەد مەتەر یان خالید مشتینییەوە هێنابێت. بەڵام عەرەبیش لەو دۆخەی خۆیاندا زۆر لە پێش ئێمەوە نین مەگەر هەر لەوەدا کە ئێمە کۆپی شتـەکانمان لە بری ئەوەی لە دەستـی یەکـەمەوە وەرگرتبێت، لەوانمان وەرگرتووە کە بە دەستـی دووەم و سـێیـەم دەژمـێـردرێن. من پێم وایە لەو مـاڵەدا ڕووناکی زۆر هـەیە. کـە دەڵێم زۆر مـەبـەستم ئەو دەنگە جیاوازانەیە کە بە درێژایی مێژوو بێدەنگ نەبوونە، دەشێ ئەحمەدی خانی و حاجی قادر و نالی و مەلای جـەزیری سەرقافڵە بن، بە دووی ئەوانیشدا زۆر ناوی دیکە دێت، کە لێرەدا قسـەی ئێمە لەسـەر ئەوە نییـە، هێندەی کە لە ئێستادا تەماشای باری ڕۆشنبیریی کوردی دەکەین، هێندەی تەماشای ئەو بێ سەرە و بەرییە دەکەین، تێدەگەین ئێمەش هیچ لە سیاسییەکان لە پێشتر نین لە واری ئاوڕدانەوەشدا لە کار و ڕەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆمان ڕۆشنبیریی کورد لە زۆر جاردا لە بری شرۆڤە و شـەن و کەوکردن هێندەی سـەرقاڵی گەمـە و سوککردن و جنێو بووە، هێندە پەرەی بە زمـانی ڕەخنە نەداوە. زمـانـی ئێـمـە لە بەردەم دۆخـێکی ئاوا ترسناکـدا بە قـەیرانێکی قـوڵدا تێدەپەڕێ (زمـان بە جنێـو دەوڵەمـەند نابێت دەشێ جنێو لە زمـاندا نۆژەن بکرێتەوە بەڵام دەوڵەمەند کردنی زمان هەڵکردنە لەگەڵ سەردەمدا و نەکوژانەوەیە) زمانی کوردی ئەگەر لە ڕێگای نووسینی ئێستای هەندێک سایت و ڕۆژنامەوە تەماشـای بکرێت. زمانێکە زیاتر مـایەی بـەزەیی پیا هاتنـەوەیە، زمانێکە خـەریکە بە تەواوەتی ڕێزمـانەکەی ون دەکات، ڕێزمـانی کوردی کـەس خۆی بە خـاوەنی نازانێ، لەو بستـۆکە خـاکـەی پێی دەڵێین باشووری کوردستـان لەسـەر دەمی بەعسـدا (ئیـبراهیم ئەمین باڵدار) بە ئەلفبێـیـەکی کـوردی، بادینی و سـۆرانی و

هەورامی کاکەیی و هەمووانی کۆکردبووەوە، بەعسیش نەیتوانی لێکیان بکات، کەچی ئەو زمانە ئەورۆ لە سایەی ئەمارەتەکانی سەوز و زەردا، لە سایەی یەکێتی و پارتیدا، لە سایەی پاشەکشەی رۆشنبیریی کوردیدا، لە رۆژێکدا کە ئێمە بانگەشەی خوددەسەلاتی دەکەین، ئەوەتا شەت و پەت دەبێت، کەس ئاوڕی لێ ناداتەوە. هەندێ جار ئەوەی دوژمنەکانمان بەرابەرمان پێیان ناکرێ، خۆمان دەیکەین، کارەساتێکی گەورەیە پێمان وابێت، دیموکراتی و ئازادی ئەوە دەخوازێ لە هیچ نەپرینگێینەوە، ئێمە هیچ رێ و شوێنێکمان بۆ پاراستن و مانەوەی خۆمان نەگرتووەتە بەر، ئەوەی ئەمرۆ پێمان وایە دەبێتە هۆیەک بۆ دەوڵەمەندی زمانی کوردی، ئەگەر چوار پێنج کوردیزانی نەتەوەکانی دیکە سێ چوار بابەت وەربگێڕنە سەر زمانەکانی دیکە ئیدی کورد هیچ دوژمنێکی ناوێت. ئەم نووسینەی بەردەستی ئێوە، قسە کردنە لە زۆر لایەنی ئەو وێرانەیەی کە پێی دەگوترێ (کورد، کورد بوون، حیزبی کوردی) دەشێ من نەمتوانیبێت تەواوی مەبەست بپێکم، لێ ئەوە سەرەتایەکە و کاتی ئەوە هاتووە، وردتر لە سەر ئەو پرسانە بووەستین.

## رۆشنبیر و جنێو

هێندەی ئاوڕ لە زمانی کوردی دەدەمەوە زۆرترین، ئەو جنێوە بازاڕییانە لە زمانەکانی دیکەوە هاتوون، ناڵێم لەو زمانەدا جنێو نییە، گەوجە و گەمژە و گەلحۆ و هتد هەن و زمانەکەش لە بەهەشتەوە نەهاتووە، ئەوەی لەو رۆژانەدا بە نێوی رۆشنبیریی کوردییەوە دەبینرێ، ئەو هەموو جنێوە سوک و بازاڕییە لە کوێوە هات، جاران ڕاست یان بوختان دەگوترا پاسۆک پسپۆڕن لە جنێوی نوێدا، یان داهێنەری جنێون، هەڵبەت من ئەوەم پێ ناخۆش بوو، لەبەر ئەوەی هەر لە خۆوە پێموابوو پاسۆک، درێژ کراوەی کوردایەتییەکی بێگەردن، دەشێ ئەوە لە هەرزەکاریماندا بووبێت. یەک دوو جنێو نامەشم خوێندبووەوە، بە هەر حاڵ ئێستا ئیدی بەنێوی ئازادییەوە خەریکە بازاڕی جنێو گەرم دەبێت، هەندێک جار خوێنەوارە عەیار بیست و چوارەکانیش خۆ وانیشان دەدەن کە لە جنێوکاریدا لە پێشی پێشەوەن، لە ڕاستیدا ئەرکی رۆشنبیر داهێنانی جنێو نییە، هێندەی ئیشکردنە لەسەر شیتەڵکردن و شرۆڤە، رۆشنبیر بەر لە هەر کەسی دیکە درک بە پێشهاتەکان دەکات، بۆیە دەکرێ رێنمایی و ئاماژەکان بگەیەنێ، بە گوێرەی ئەم پێناسەیەی سەرەوە بۆ رۆشنبیر، پێناچێت، ئێمە خاوەنی رۆشنبیرێکی زۆر بین، دەشێ هەموو کەس فلچەی کێشانی تابلۆ بگرنە دەستەوە، مەرج نییە ئەوانە هەموویان بتوانن تابلۆیەک بکێشن، ئەمە بۆ قەڵەم بە دەستیش وایە، هەر بۆ خۆی رۆشنبیر، واتە ئەو کەسانەی بیریان رۆشنە، لە بەرابەر رۆشندا شلوێ و لێخن هەیە، تۆ ناتوانی لەنێو ئاوی لێخن و شلوێدا هەموو شتەکان بە باشی ببینی، لە نێو ئاوی رۆشندا هەموو شتەکان دیارن گۆران دەڵێ:

کانیـەکی ڕونی بەرتریفـەی مـانگەشـەو
لە بـنیــا بلـەرزێ مــرواری زیخ و چەو

دەکرێ کەللـەسـەری ڕۆشنبیر بەو وێنەیەی گۆران بشوبهێنین (کانی و مـانگ و مرواری) ئەوانە هـەر ئەوانەن کە پێچەوانەی شلوێ و لێخن، بیری ڕوناک ئەو کانی و مانگ و مروارییە کە گۆران باسـی دەکـات. کـاتێ ئەم بیـرە شـلوێ بوو، ئیـدی لـە بری ئەوەی داهـێنان بکات، بۆن دەکـات، بەشێکی زۆر لە ڕۆشنبیریی کورد ئەو بۆنەیان کردووە، هەیە بە دوو ڕستەی مارکس خۆی زۆر لە مـارکس پێ مـارکسی ترە، هەیە دوو کـتێبی بە سـەقـەتی وەرگێڕاوە، ئیدی لاسـایی. هەست و کەوتی دیکارت دەکاتـەوە، هەشـە بەردەوام بیـر لەوە دەکاتـەوە جنێوی نوێ دابهێنێت، هەندێک تەنانەت لە ناوی کـەسـەکانیشدا بـە دووی دۆزینەوەی جنێودا دەگەڕێن، ئێسـتا ئێمـە داهێنەری چین تا هـێندە خـۆمـان پێ گـەورە بێت، ڕۆشنبـیـری کـورد دەکـرێ لە بری داهێنـان لەو بوارەدا هەندێک خـۆی مـاندوو بکات و لێکۆڵینەوە لە بـارەی ئەم زیندەوەرەوە بکات کـە ناوی کـوردە، ئەو بوونەوەرەی کە ئەگەر بیەوێ خۆی وەکو کوردێک نیشان بدات دەبێ ڕووت و قووت بێتەوە، دەبینی تەنانەت جل و بەرگ و گۆرەوی و پێڵاو و تەواوی شـتەکانمان سـابون و شـامپۆ و قـاپ و قاچاغ و هەمـوو ئەو شـتـانەی بـەکاری دێنیین هی کـەسـانی دیکەن، ئێمـە بۆ ئەوەی خـۆمـان وەک خـۆمـان ببـینین دەبێ ڕووت و قـووت لە بەردەم ئاوێنەکە بـووەسـتین، ئـەو ئاوێنـەیەی لە شـوێنێکی دیکەوە دێتە بەردەستمان!! ئێمە ناتوانین پەرە بە کار و پرۆژەی خۆمان بدەین لە هیچ بوارێکدا، تەنانەت پاشـەکشـەش دەکـەین، لە بری بەرەو پێـشچـوون، ئەگـەر بزانین گـەڕەکـێک لە سلێمـانی ناوی (سـابونکەران) بووە تێدەگەین، من دەمـەوێ چی بڵێم، ڕۆشنبیری کورد بە جـۆرێک لە جۆرەکان بەرەو پاشەوە هـاتووە، نالی لەو شارەزورەوە (فارس و کورد و عەرەبی هـەرسێ بە دەفتەر گرتووە) کـەچی ڕۆشنبیری ئەوڕۆ نایەوێ تەنانەت کوردییەکە بە تەواوەتی بزانێ، لە نێو زازایی و لوڕی و هـەورامی و سۆرانی و بادینیشدا بە دووی جنێودا دەگەڕێ تا دژەکەی پێ بکوتێتەوە.

## سایتەکان و ماڵوێرانی کورد

سـوود بینین لە تەکنـەلۆژیا بۆ هـەر نەتەوەیەکی سـەر ئەم گۆی زەوییـە، گـەیشـتـووەتە ئاسـتێک، ئیـدی کـەس لەسـەرچاوەی تەکنەلۆژیاکـە نەپرسێ، ئەوانـەی بۆ بەختـەوەری مـرۆڤ کـار دەکـەن، دووسـەت سـاڵ زیاترە لـە ڕێگای تەلەگـەیەنـەرەکـانەوە، دەیانەوێ دنیـا لـە زووترین مـاوەدا بێـتـە بەردەست مرۆڤـەکان، تەلەفزیۆن و سەتەلایت و مۆبایل و ئەنتەرنێت و تا دوایی، وایان کردووە لە مـەودای سـەعـاتێکدا دەتوانی لە ئاسـیـاوە بچیـتە ئـەمریکا و لەزەرگـەتەی سلێمـانیـەوە بزانی لە کـۆڵەمـبـیـا چەند منداڵ لە دایک بووە و نـاویان چییـە، تەکنەلۆژیا بە دیوە ئەرێنییـەکـەیدا بۆ

بەختەوەری مرۆڤە، دەشێ هەندێک جار مرۆڤ بکاتە کۆیلەی خۆی، بە تایبەت ئەوانەی هیچ ڕۆڵێکیان نییە لە بنیاتنانیدا، کورد بە تەواوی سایتەکاندا پیاسە دەکات. ئێستا زۆر ماڵپەڕ و ژوور و ماڵباتی کردووەتەوە، ماندووبوونی ئەو گواستنەوەی ئەو جنێو بازییەیە بۆ نێو ماڵپەڕەکان، مەرج نییە گشتیانە ئەمە تەماشا بکرێ، لێ دەبینی جنێو لەو ماڵپەڕانەدا هەندێک جار هەموو سنوورەکانی مرۆڤبوونی ئێمە دەبەزێنێ، بە ڕادەیەک ئیدی ئاساییە پڕ بکرێتە تەنانەت ئازادییە تایبەتمەندەکانیشدا. دەکرا ئەو ماڵپەڕانە سەنگەری گۆڕان و گواستنەوەی خەڵک بوونایە دەکرا لەوێدا زمانی ڕەخنە بە جۆرێک گەشەی بکردایە کە ئیتر نیگەرانی ئەوە نەبین ئێمە نەتەوەیەکی بێ ڕەخنەین، لە یەکتر ڕوانینە ڕەخنە و جنێو بە یەک پێوەر، وەک یەک بینینی ڕەخنە و جنێو جگە لە ماڵوێرانی هیچی دیکە نییە، بەرنامەی (ئاراستەی پێچەوانەی فەیسەڵ قاسم) کەشێکی نوێی گفتوگۆ و زمانی ڕەخنەی لە ماڵباتی عەرەبیدا پەرە پێدا، ڕەنگە ئەوەش بە جۆرێک جێگای ڕەخنە بێت لەلایەن برێک ڕوناکبیری عەرەبەوە لەگەڵ ئەوەش لەبەر ئەوەی ئاوەزێک ئەو کەش و هەوایە بەڕێوە دەبات هەمیشە ڕەخنە بەسەر کایەکەی دیکەدا زاڵە، مرۆڤبوونی ئێمە هێندەی پرسیار کردنە لە چۆنێتی تێر بوون، هێندە پرسیار کردن نییە لە چۆنێتی پێگەیشتن، ئەم بەردەوام خەون بینینە بە تێر بوونەوە هەمیشە ئێمەی بە هەڵپەچی و بۆ زیاتر قۆشمەکاریش هێندی ئاڕ ئاڕ ناساندووە، سایتەکانی کورد، پرسیاری ئەوەیان نەوروژاند، کورد بۆچی هیچ نییە تا ئێستا، بۆچی تا ئێستا دوژمنی شارین، بۆچی زیاتر حەزمان لە تاڵان و برۆیە، هەڵبەت بەشێک لەو ماڵپەڕانە، کەچی بوونە بە فەرهەنگی جنێو و کورد سوک کردن، من دەزانم لەنێو کوردان لە ئەوڕۆدا داهێنەری باش هەن کە بە داخەوە ئەو ماڵپەڕانە ناتوانن بیاندۆزنەوە، بەڵام زۆر بە ئاسانی باشترین جنێوفرۆش بەگیر دەکەوێت، ڕەخنەی جدی لە حیزبی کوردی ئەوەیە کە حیزب لە کوردستان بە دۆخی تەندروست و ئاساییدا تێنەپەڕیوە، کەچی ئەودێ لە بری ئەو جۆرە لێکدانەوەیە، دەڵێ فلان خەریکی (مێ بازی) یان (نێر بازییە) هەڵبەت کە حیزب بە دۆخێکی تەندروستا تێپەڕێت، ئەندامەکانی هەمان گرفتیان هەیە ئیشی جدی ئەوەیە، کار لەسەر خودی حیزب بکرێت، نەک تاکێک، ئەمە لێگەڕان نییە لە تاکەکان، هەر ئەوەیە کە لە نێو کۆمەڵگەی نەخۆشدا، حیزبی نەخۆش، ڕۆشنبیریی نەخۆش، تاکی نەخۆش سەرگەرمی ژیان کردنن، جنێو چاری ئەو گرفتە ناکات، شرۆڤە و ڕەخنە دەتوانن بیرکردنەوەی تاک. تاکی ئەو کۆمەڵگەیە بگۆڕن. هەندێک لە ماڵپەڕەکان بوونەتە سەکۆی خۆبەتاڵکردنەوە لە کاتێکدا ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت لە دنیادا خزمەتێکی گەورەی مرۆڤایەتی دەکەن، ڕەخنەی جدی ئەوە نییە تۆ تاڵەبانی و بارزانی بەنیوە ڕوتی نیشان بدەین، ڕەخنە ئەوەیە تۆ پێیان بڵێی یەکێتی و پارتی خێڵێن،

پێویستە بکرێن بە حیزب، ئەو دوانە سەرۆک خێڵ نین، سکرتێر و سەرۆکی حیزبن، من بڕوام وایە دروست کردن و ڕەخساندنی ئەو سەرزەمینی گفتوگۆ ڕاشکاوە باشترە لەوەی پێمان وابێت ئەو نیوە ڕووتییە، نیشانەی سەرکەوتنی میدیای کوردییە.

## ئێمە لە کوێی دنیادایین

ئەرێ قەت کورد، ڕۆشنبیری کوردی بە خەیاڵیدا دێت لە خۆی بپرسێ ئێمە لە کوێی ئەم دنیایەدایین دنیایەک کە ئێمە خاوەنی هیچ نین تێیدا، لە کاتێکدا ئەگەر ئاوڕ بدەینەوە ٥٠ ساڵ لەمەوبەر لە ئێستا زۆر باشتر بووین، هەڵبەت وەک کورد بوون دەنا دەشێ ئێستا خۆمان بە پێشکەوتوتر نیشان بدەین، لێ ئەگەر پێشکەوتن گرێ بدەین بە تواناسازی ئێمەوە، تێدەگەین کە وا نییە. کورد ئێستا ئەگەر وەکی کورد خۆی نیشان بدات، چی بۆ دەمێنێتەوە لە جل و بەرگ و تەواوی کەلوپەلی نێو ماڵەکەیەوە چییەکی هەیە؟! ئەمە بە بەراورد لەگەڵ (٥٠) ساڵ لەمەوبەر کورد زۆرێک لە کەل و پەلەکانی بەردەستی، دروستکراوی خۆی بوون، لباد و جاجم و سابونی سابونکاران و بۆن و بەرامە و پێویستییەکانی فەلەو فەرمان و تا دوای، کوردەکەی ئێستا ئەگەر بییەوێ بۆ یەک سەعات وەکو کورد دەربکەوێت دەبێ ڕووت و قووت دەربکەوێت، ڕووت و قووت بچێتە نێو بازاڕ، ئاخر ئەو هەرچی هەیە، هی کەسانی دیکەیە و ئەو لەبەر خۆرێک، لە بەکار بەرێک زیاتر هیچی تر نییە، کەچی حکومەتێکی هەیە، حکومەتێک کە تەنها وەزیر و پارلەمانتار و بەڕێوەبەری گشتی بەرهەم دێنێ، کەچی زۆرترین قسەی هەیە، زۆرترین قسەی بازاڕی، نەک دەق و نووسین و داهێنان، کوردبوون لەم دۆخەی ئێستا لە ڕووت و قووتی بەولاوە هیچی تر نییە. ئایە بەو جۆر ئێمە لە کوێی دنیادایین، ئێمە لە دەرەوەی مێژووین یان شوێنێکی دیکە، کورد نەتوانێ سەرەتاییترین پێویستییەکانی ژیانی خۆی دابین بکات، نەتوانێ خۆراکی ڕۆژانە، کالآ و جل و بەرگ، تەنانەت قاپ و قاچاغ دابین بکات، ئیدی بوونی چ نرخێک ئەبەخشێتە مرۆڤایەتی، دەشێ هەبن بڵێن لە قۆناغی فیوداڵیدا پێویستی ناچاری کردووین، ئەمە لە کاتێکدا هەر ئێستا ئێمە لەو پەڕی جەهلی خود خاوەنیداین، بەم هەموو جەهلەوە ئێمە لە سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکەوە، سەرگەرمی کردنەوەی ماڵپەڕی جنێو بەخش و بەرزکردنەوەی ڤێلایی ڕەق و تەقین، ڤێلاگەلێک کە تەنانەت هیچ مانا و شارستانیەتیەکیش بۆ ئاییندە مسۆگەر ناکەن، تەلار و ڤێلای بێ ئێستاتیکا و بێ مانا. لە کاتێکدا سەت ساڵێک لەمەوبەر تەنانەت خانووی کوردەواریش مانا و تایبەتمەندی خۆی هەبووە، کەس لە ئیتاڵیا بێ بەرنامە خانوویەک بەرز ناکاتەوە ئەگەر مۆرکی ئیتاڵی پێوە نەبێت، لە شارە کۆنەکانی ئەو وڵاتە لە ڤینیسیا و ئۆستۆنی بریدنسی و ڕۆما خانوو بە بێ بەرنامە دروست نەکراوە، ئەشێ ئەمە بۆ بەریتانیا و ئەڵمانیا و فەڕەنساش وابێت،

کورد ناتوانێ لە پێشەنگایەکی گەورەدا ماناکانی کوردبوونی لە چوار چێوەی تەلارسازییەوە بیگرە تا کەل و پەل و کالا بۆ کەس ڕوون بکاتەوە، هەموو شتێک لە دنیادا گۆڕانی بەسەردا هات و پێشکەوت، شالۆشەپک و ڕانکوچۆغە و کلاشی پەڕۆین نەبێت، کورد بەردەوام دەیەوێ وەکو خۆی، وەک ئەو سەردەمەی مەلا مەحمودی بایەزیدی عادات و ڕسوومەتنامەی کوردی دەنووسێ بمێنێتەوە و سەر بکات بە هەموو سەردەمەکانیشدا، کارەساتی کوردبوون لێرەوە دەست پێدەکات، کە تۆ ناتەوێت هیچ بەرهەم بێنی و هەموو شتێکیش بێتە بەردەستت، ئەمە قورسترین نەخۆشی کوردبوونە، زۆر جار کوردم وەک ئەو گروپە تەمەڵە دێتە بەرچاو کە دەڵێن مادام دەبێ خۆمان خواردنەکە بەرین بۆ دەممان لێخورە بۆ شەتەکە، جیاوازی تەمەڵەکان لەگەڵ کورد ئەوەیە کورد نایەوێ دان بەو ڕاستییەشدا بنات کە تەمەڵەکان ئازایانە دەیڵێن، کوردەکە بەو حاڵەتەوە دەیەوێ سوور بێت لەسەر مانەوەی، مانەوەی بە مانا ئەرێنێکەی نا، سەت ساڵە لە بواری هونەر و ڕۆشنبیری بترازێ کە سوورین لەسەر ئەوەی دەستبەرداری ئەو پەلەقاژەیە نەبین، هیچمان بە دنیا نەبەخشیوە، تەنانەت ڕەشکە و کورتان و جەواڵ و جاجم و خورجەش، ئەو شتانەی کە لە قۆناغی فیوداڵیدا خۆمان لە پێناوی بەرهەم هێنانیدا ماندوو دەکرد، کە دەڵێم قۆناغی فیوداڵی هەڵبەت لەڕووی ئاوەزەوە پێموایە ئێمە لە پاشەکشەداین، کەسمان ئامادە نین پرسیاری ئەوە بکەین ئەو مۆبایلەی کە ئەمڕۆ بەکاری دێنین چۆن دروست کراوە کەچی بەردەوام بەدوای هۆر و کوالیتی تازەوەین هەروەک ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە ئێمە تەنیا لە ناوەکانیدا بە پێی میزاجی خاوەن پارە تەوەزەلەکانمان داهێنەریان نین. لە ڕاستیدا ئەرکی حکومەت و بەشێک لە وەزارەتەکان پەرە بە کاری خۆماڵی و داهێنانی خۆماڵی بدەن وەزارەتەکانی تەندروستی و ڕۆشنبیری و کشت و کاڵ و پیشەسازی و وەرزش و لاوان دەتوانن داهێنەران بدۆزنەوە.

## کورد و ئاسایش

ئاسایش بەو مانایەی کە تۆ بە تەنگ خۆت و خاک و خەڵکەکەتەوە بیت، کە تۆ نیشتمانێکت هەبێت بەدار و درەختەوە، بە زەوی و زارێوە، بە تەواوی سروشتەکەیەوە بیپارێزیت، شتێک نییە ئێمە هەمان بێت. ئێمە کۆڵەوار ترین بونەوەری سەر ئەم زەوییەین لە بواری ئاسایشدا بە هەموو جۆرەکانییەوە لە ئاسایشی نەتەوەییەوە تا ئاسایشی جەستە، هیچ سستمێک نییە لەو بوارەدا ئێمە کاری لەسەر بکەین. چرکەساتی وا هەیە لە ژیانی مرۆڤی کورددا، جاش و باشی پێشمەرگانە خۆی پێ شتە، ئاسایشی نەتەوەییمان، ئاسایشی خۆراک و ئاو و جەستە و سروشت و سنورمان هیچی لە جێی خۆیدا نییە، نەتەوە لای ئێمە یەکجار لە خورافێڵ و بنەماڵە و حیزبەوەیە، ڕاستە هەموومان ڕاهاتووین لەسەر ئەوەی بڵێین کوردین، دەبینی کە دەگاتە ئەوەی

(ئەلفبێیەک) دابنەین چۆن زازای و لوڕی و هەورامی و بادینی و سۆرانی لە یەکتری ڕاست دەبینەوە سەرەتاییترین بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەیی، یەکسانبوونی هەموومانە، لە بەردەم یاسادا، لە کوردستان زۆر جار خێڵ و عەشرەت بە ئارەزووی خۆیان یاری بە ئاسایشی نەتەوەیی دەکەن، نەتەوە بە مانای نەتەوە لە کوردستان نییە، کۆمەڵێ پەرت و پارچەی جیاواز لە ڕووی خێڵ و عەشرەتەوە کوردبوون بە شلۆقی کۆیان دەکاتەوە، کە دەڵێم بە شلۆقی مەبەستم ئەوەیە، تاکی کورد زۆربەی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ خێڵ نەک نەتەوە. نەتەوە لە نێو ئەم هەموو خێڵ و هۆز و بنەماڵەیەدا هەر بوونی نییە، کە نەتەوە بوونی نەبوو، ئیدی ئاسایشی ژیان و مان و زمانیش لە بەردەم هەڕەشەدایە، دەبینی لە چرکەساتێکدا کە دوژمن چۆکی لەسەر سنگ گیر کردووین، لەبەر ئەوەی ئیبراهیم ئەمین باڵدار وەک فریادڕەسێک دەیەوێ ئاسایشی ئەو زمانە بپارێزێ، دێت جوانترین ئەلفبێمان پێشکەش دەکات، کەچی درەنگتر لە گەرمەی دۆخێکدا کە دەمانەوێ شانازی بە حکومەتی خۆماڵییەوە بکەین فریادڕەسێکی وەک باڵدارمان دەستناکەوێت بەسەر ئاسمانی کوردستاندا بفڕێ و ئەو هەموو شێوە زارە لە ئەلفبێیەکدا کۆبکاتەوە بێ ئەوەی کەس لە خۆیەوە قوت بێتەوە و بڵێ (من منم تۆ کێی؟!) با لەوە بگەڕێین و دواتر گەر پێویستی کرد ئاوڕی لێ بدەینەوە، ئێستا ئێمە کە قسە لە ئاسایش دەکەین، تا چەند لە خەمی ئەوەداین کە سبەینێمان لە ئێستا باشتر بێت، ئاسایش لە سادەترین پێناسەیدا ئەوەیە کە تۆ لە نیگەرانیدا نەبیت!! ئایە ئێمە لە نیگەرانیدا نین، ئایە بەردەوام لە بەردەم هەڕەشەدا نین؟! هەڵبەت ئیدی ئاسایشی چی!!

کورد و ئاسایش هێشتا دوو ناون زۆر بە یەکتر نامۆ، کورد تەنانەت لەبەر ئەوەی هەرگیز خۆی حاکمی خۆی نەبووە، ئاسایشی بە ترس و زەبر و زەنگەوە گرێ داوە و پێی وابووە ئاسایش ئەوەیە کە ئەو بە دارشەقی تورک و فارس و عەرەب لەسەر پێ وەستابێت، نەک لە سەر پێی خۆی، هەر کەسێک بیری لە ئاسایش نەکردەوە بەزەیی بە هیچ شتێکدا نایەتەوە، بۆیە ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی سروشت و ئاسایشی ئاو و ئاسایشی سنوور و تەواوی ئاسایشی ئێمە هەمیشە لە بەردەم هەڕەشەدایە. خەڵک دەزانن چۆن ڕێز لە زەوی و ئاو و خاک و خۆڵی خۆیان دەگرن، لای ئێمە شتێک نییە ناوی ڕێزگرتن بێت لەو پیرۆزیانە گەورەترین کارەساتی نەتەوەیەک ئەوەیە تاکەکانی لەسەر بنەمای منی هێڵ و منی دین و منی حیزب پەروەردە بن، قسە لەسەر ئەوە نییە ڕەگەز بکرێتە بنچینە، قسە لەسەر کۆمەڵە خەڵکێکە کە زمان و مێژوو زەوی و چارەنووسی هاوبەشیان هەیە، ئەوانەی لە هەموو چرکەساتێکدا بیر لەوە ناکەنەوە کە ئەوان بەرپرسیارن، هەرگیز ناتوانن نە خۆیان نە خەڵکی دیکە بەرەو کەنارێکی ئارام بەرن، بیرکردنەوە

لە ئاسایش بە هەموو جۆرەکانییەوە، واتە بەرپرسیارەتی، بەرپرسیاربوون، زیندوو ئەو کەسەیە کە خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت، ئەوانەی لە تۆپانیشیدا لە پێشەوەن دەیانەوێ بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ ئاسایشی وڵاتەکە و نەتەوەکەیاندا بکەن، زیندوێتی بە تەنگەوە هاتن و خەمخۆری و نیگەرانییە، بە پێی ئەو بارودۆخەی ئێمە تێیدا دەژین شتێک نییە نێوی زیندوێتی بێت بۆ کورد لە ئەندازەی جەستەوە بیگرە تا ئەو هەڵپەیەی دەیکەین ئێمە بەردەوام بۆ ئەوە دەژین بمرین، بە پێچەوانەی خەڵکی زیندووەوە کە بۆ ئەوە دەژین بنیات بنەن.

## دزی و داهێنان

داهێنەر و دز وەک جوتیار و ئاغا وان، هەڵبەت لە ڕابردوودا لێکچوونەکە ڕوونترە، داهێنەر ئەوەیە کەماندوو دەبێ و ئارەق دەڕێژێ و تێدەفکرێ و بەرهەمی دێنێ، دز هەمیشە بە حازری دەچێتە بەردەستی، ئەوانەی داهێنان دەکەن هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان ئاسوودەیی و چێژی زیاتر بەختەوەری زیاتر بە ئینسانەکان ببەخشن، چارەنووسی ئادەمیزادی شۆڵەخۆف لە خوێندنەوەیدا بە کوڵ دەتگرێنێت، بەڵام ئەوەشت پێ دەڵێ کە ئینسان شایانی ئەوەیە ڕێزی لێ بیگرێت، بەختەوەر بێت، بە ئاسوودەیی بژیت، داهێنەران وەکو پێغەمبەران بە سووتانی خۆیان ڕێگا بۆ ئەوانی دیکە ڕۆشن دەکەنەوە ئانیشتاین زۆر کەم پەرژاوەتە سەر ئەوەی بیر لە خۆی بکاتەوە، کەچی بەردەوام بیری لای مرۆڤایەتی بووە، داهێنەران وەکی ئەو زیندانییە بە هەڵوێستەن خەڵکیان لە خۆیان خۆشتر دەوێت بۆیە بەرگەی ئەو هەموو زەبر و زەنگە دەگرن، مرۆڤی ئازا هەمیشە خەڵکی لە خۆی خۆشتر دەوێت لە تەنگانەدا، دز خۆی لە هەموو کەس خۆشتر دەوێت، بۆیە بەردەوام بیر لەوە دەکاتەوە چۆن بە ئامادەکراوی بێتە بەردەستی، جاران لە کوردەواریدا دز لە داهێنەر بەناوبانگتر بووە، دزی هەزار هونەر و جادووی پێوە گرێ دراوە، کەچی کەس بیری لەوە نەکردووەتەوە پەرە بە تۆپەکەی وەستا ڕەجەب بدات، ئێمە لە بواری داهێناندا هێشتا لە دوای دواوەین، کەمتر بیر لە خۆماندووکردن دەکەینەوە، بۆیە ناتوانین داهێنەر بین، ئێمە دەڵێین کە قەڵەم و کاغەز و جانتا و کتێب بە ئامادەکراوی دێنە بەر دەستمان، خێرە خۆمانی پێوە ماندوو بکەین و دروستی بکەین، کەچی لە هەموو وڵاتاندا کارگە و کارخانە و مانیفاکتۆری ئەو کەل و پەلانە هەیە، کەسیش ناڵێ مادام لە چین هەیە ئیتر بۆ من دروستی بکەم. داهێنەر گوێی لەوە نییە لە شوێنێکی دیکە هەمان شمەک دروست کراوە، زۆربەی وڵاتە پیشەسازییەکان، کارخانەی فڕۆکە و کەشتی و ئۆتۆمبیلیان هەیە، داهێنەر ئەوەیە چاوی لە دەستی کەسی دیکە نەبێت. کورد هەمیشە ڕوحی داهێنان دەکوژێت، لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمیشدا، هێندەی موچەخۆری بەر سێبەر دروست کرا، هێندە ئینسان

بار نەهێنرا تا داهێنان بکات، داهێنەران هەمیشە لە سەرەتادا بەر نەفرەت دەکەون ڕەنگە ئەوە هۆیەک بێت بۆ ئەوەی کورد بیر لە داهێنان نەکاتەوە، سروشتی کورد وایە زیاتر خۆ گونجێنە تا یاخی، ئەمەش وای لێکردووە سڵ لە نەفرەت بکاتەوە، کورد نایەوێت نەفرەتی لێ بکرێت. هەر بۆیە کە خەراپەش دەکات دەیەوێت وا نیشان بدات کە چاکەی کردووە، داهێنەران، داهێنان دەکەن، گەرچی هەندێ جار داهێنان مەرگیشی بە دواوە بێت، داهێنەر هەرگیز بیر لەوە ناکاتەوە داهێنانەکەی بۆ کوشتن و مەرگ بەکار بهێنرێت. ئەوە جەنگاوەرە، ئەوە دەکات جەنگاوەر بە داهێنراوەکانی داهێنەرەوە وێرانکاری دەکات و هێرۆشیما و ناکازاکی و هەڵەبجە بەرهەم دێنێ، جەنگاوەر زیاتر لە دزەکە دەچێت ئەو دزەی نازانێ چۆن داهێنراوەکان بەکار بێنێت، کورد زۆربەی جەنگاوەرە و کەمتری بیرکەرەوە و بیریار، یاری بیر، ئەوانەی دۆست و ئاشنای بیر کردنەوە و داهێنانن. قۆناغی فیوداڵی ئێمە بکوژی بێبەزەیی ئازاترینە، ئازا ئەو کەسەیە باشتر دەکوژێ، نیشان دەنگێوێت، نێچیر ڕاو دەکات، لە ئاوەزی قۆناغی فیوداڵی ئێمەدا شاریی خەڵکی شل و شاو و دەست و پێ سپی و بێ بەرهەمن، شاریی نازانن چۆن تفەنگ بەکار بهێنن، بۆیە شانازی کردن بە شارەوە، کەمتر دەبینرێ و زۆرتر بە خێڵ و هۆزەوە. حکومەت و دەسەڵات ئەرکیانە کە کوردی شاردۆست دروست بکەن، شاردۆستی بەرهەمهێن، لە شاردا بیر لە کارگە و کارخانە و مانیفاکتۆر و فابریقە دەکرێتەوە، شار بەو مانایەی ئینسانی بەرهەمهێن دروست بکات، نەک بەر خۆر. داهێنەرانی حەقیقی لە شاردا دروست دەبن، داهێنەر ئەگەر لە گوندیش بیر بکاتەوە ئەگەر لە شارۆچکەش هەنگاو بنێ، لە شاردا بەیانی داهێنانەکەی دەکات داهێنەر هەمیشە بە دوی شاری گەورەتردا دەگەڕێ، جیاوازی نێوان داهێنەر و داگیرکار لەوەدایە، هەردووکیان بە دووی بازاڕی گەورتردا دەگەڕێن، یەکەم بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕێگای ئینسانەکان و دووەم بۆ دۆزینەوەی بازاڕ بۆ ساغکردنەوەی بەروبومەکەی پەیوەندی داهێنەر و داگیرکار زۆر لە بارترە تا ئەوەی داهێنەر و دز پێکەوە بژین، داگیرکار زۆر لە دز باشترە، داگیرکاری نوێ بە بیانوی گەیاندنی دیموکراتییەتەوە بازاڕ بۆ کاڵاکانی دەدۆزێتەوە و داهێنراوەکانی پەخش دەکات، دز شتەکان دەشارێتەوە، دز هەرگیز ناپرسێت ئەو شتانە لە کوێوە هاتن و بەکاریان دەهێنێت، داهێنەر لە شتەکان ورد دەبێتەوە و بیر دەکاتەوە و گۆڕانی تیا دەکات.... میسریەکان چەند قەرزاری فیرعەونەکان و محەمەد عەلی پاشا و سەلاحەدینن دە هێندەش قەرزاری ناپلیۆنن.

## کورد و پرۆژە

پرۆژە بەو مانایەی کۆمەڵە کەسێک، یان تاکە کەسێک بییەوێت، یان بیانەوێت کۆمەڵگە لە قۆناغێکەوە بەرن بۆ قۆناغێکی دیکە، بۆ نموونە شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی،

نووسـینـەوەی مـێژووە بـۆ ئەوەی لە ڕێگایەوە بیـر لە گـۆڕان بکرێتـەوە، شـەرەفنامـە بۆ سـات و سەردەمی خۆی پرۆژەیە، پرۆژەیەک کە یەک کەس ئەرکەکەی لە ئەستۆ دەگرێت، نووسینی مەم و زین لەلایەن ئەحمەدی خـانییەوە، بڵاو کردنەوە و دەرکردنی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە سـاڵی ١٨٩٨ بیر کردنەوە لە حزب، ئەمانە دەچنە خـانەی ئەو پرۆژانەوە کە کورد بیری لێ کردونەتەوە، ناکرێ ئێمە ئاوڕ لە جوانییەکان نەدەینەوە، ئەم پرۆژانە دەکرێ قسەی زۆریان لەسـەر بکرێت، لە ڕابردوودا زۆر کـەس لەسـەر ئەو پرۆژانە قسـەی کردووە، بەڵام لەسـەر ئەنتی ئەم پرۆژانە کـەمتـر قسە کراوە، تێکبـەربوون و ململانێی نێوان میرنشـینەکان، تێکبەربوون و ململانێی نێوان یەک میرنشـین، کوشت و بڕی یەکتر، شەڕی ناوخۆ و براکوژی، ئەمانە کـە دیسان دەچنە چوارچێوەی پرۆژەی مـاڵوێران کـردنـەوە زۆر کـەم قسـەیان لـەسـەر کـراوە، زۆر کـەم قـسـە لەسـەر دیوە ناشرینەکانی کورد لەلایەن خۆیەوە کراوە، ڕەنگە ئەمە هۆیەک بێت بۆ هەمیشـە دووبارەبونەوەی ناشرینییەکان، ئێمە کە قسە لەسەر پرۆژەی کوردی دەکەین، دەزانین پرۆژەیەک هەبووە بۆ مردن، بۆ ناشرین کـردنی زیاتری کورد بوونی ئێمە (پێشتر قسـەمان لەسەر ئەو بونەوەرە کردبوو، بۆیە نامـەوێت لێرەدا بچمـەوە سـەری، کورد سروشـتێکی سـەیری هەیە، ئەو هەمیشـە پرۆژە، بەنیوە چڵی، تەواوی بەجێ دەهێـڵێت، دەبینی شـۆڕشی ئێمـە لە ڕووی سیمـا و ناوەڕۆکـەوە لە هەرا تێنەپەڕیوە، بۆیە زۆر جار دروستتـرە لە بری شۆڕش هەرا بەکار بێنین، هەرگیز ناشرینیەکانی خـۆمـان، بۆ نموونە جـاش بوون، نەبووەتە وانەیەک تـا دووبارەی نەکـەینەوە، نـەبووەتە پەنـدێک، سـوودمـان لەو هەمـوو کێمـاسـییـە وەرنەگرتووە، لە ئاوڕدانـەوە لە مێژووی کوردیش هەست بەو نیوەچڵی جێهێشتنە دەکەین، کوردسـتان پرۆژەیەکە بە نیوەچڵی دەمێنێتەوە، کۆکردنەوەشی سـەربارە، دروستکردنی هیوا و ڕزگاری و دارکەر و کـاژیک هـەروەسـا گـەمـە و ململانێی نێوان میرنشینە کوردەکان، پرۆژەی ڕۆشنبیرییمـان، پرۆژەی سیاسیمـان، پرۆژەی کۆمـەڵایەتیمـان، نیوەچڵی و ناتەواوی لە هەموو ئەوانەدا هەیە، بۆیە سەیر نییە ئینسانی کوردی ئێستاش نەتوانێ دەست بۆ پرۆژەی گەورە بەرێت، یان کە دەسـتی دایە پرۆژەیەکەوە بە کۆتای بگەیەنێت، لەو چەند سـاڵەی ڕابردوودا هێندەی چیرۆکی پرۆژەی ناتەواو پرۆژەی تەواو نەکراومـان بەر گوێ کەوتووە، هێندە پرۆژەی گەورە لە بەردەم خۆیدا ڕاینەگرتوین کورد هیچ پلانێکی نییـە بۆ دەست بردن بۆ پرۆژەیەک جگە لە بیـر کـردنـەوە لە گـیـرفـان، ئـیـدی لـە نێـو نـەتـەوەی ئاوادا لایەنە زندووەکـانی جـێـبـەجێ کـردنـی پرۆژە بە تەواوەتی فـەرامـۆش دەکرێت، بێ سـیـسـتـمی گـەورەترین پەتای کۆمـەڵگەی کوردەواریە، ئەگەر (پەندی شـەڕ لـە بەتاڵی باشـترە (یان) شـەڕ مـەکـەن و بێ داواش دامـەنیشن) بە وردی لێک بدەینەوە، تێدەگەین کورد پرۆژەداری ناکات، پرۆژەداری بەو مـانایەی

ناوێک هەبێت بۆ ناسینەوەمان، ئەمریکا و پەیکەری ئازادی، بەریتانیا و بیگبن، فەڕەنسا و ئیڤڵ، هندستان و تاج محەل، میسر و ئەهرامەکان هی تر و هی تر. بەشێکی زۆری پرۆژەی ڕاستەقینە ئەوەیە کە زیندوێتی خاوەنەکەی نیشان بدات، کەمترین پرۆژەی ئێمە ئەو لایەنە نیشان نادەن.

## شیعر و شیوەنی کوردی

شیعری کوردی و بە گشتی ئەدەبی کوردی لە سەرگەردانییەکی سەیردایە، نامیلکەی شیعری سەیر و سەمەرەی وا دەردەچێت و بە دەیان هەزاری لێ چاپ دەکرێت، کە ڕۆشنبیری خەمخۆر لە دەست دانە دەستدا بەولاوە هیچی دیکەی بۆ نامێنێتەوە، شیعری کوردی ئەگەر لە بابا تاهیری عوریانە و دەست پێ بکەین زیاتر لە هەزار ساڵە هەیە، کەچی هێشتا لە شیوەن و لاوانەوەی تێ نەپەڕاندووە، لەنێو ئەو دۆخەدا دەنگگەلی جیاواز دەردەکەون، لاوانەوە درێژە بە تەمەنی دەدات و دەمێنێتەوە تا ئێستاش بەشێکی زۆری شیعری کوردی بە شیوەن ڕووپۆش کراوە، شیوەن و لاوانەوە بۆتە بەشێک لە کەلتووری کورد. هەر بۆیە هەمیشە شاعیری کورد دەیەوێت جەماوەری بنووسێت. نەک بۆ تێڕامان. ئەگەر شیعری جەماوەری، لانی کەم وەک شیعری میللی نەتەوەکانی دیکە ببێتە پەیژەیەک بۆ سەرکەوتن بۆ قۆناغێکی دیکە، دەشێ بڵێین هەنگاوەکان بە ڕێچەیەکی تەندروستدا ڕێ دەکەن، بەڵام کە دەبینین لە ئاستی ڕۆشنبیریی و هۆشیاری خەڵکدا لاوانەوە و شیوەن، یان هەلور بەلور لە پێش شیعری ڕامان و وردبوونەوە و پرسیارەوە بازاڕی گەرمە، تێدەگەین، ئێمە لە کوێی دنیادایین، ئەدەب و هونەر ڕێگایەکن بۆ ئەوەی لێوەی بچینە مێژووەوە، نەتەوەی زیندوو ئەو نەتەوەیە هەموو ڕێگاکان دەبرێت بۆ ئەوەی بچێتە مێژووەوە، ڕێگای ئەدەب و هونەر، ڕێگای ڕۆژنامەگەری، ڕێگای فەلسەفە، ڕێگای سیاسەت، ڕێگای تەلارسازی، ڕێگای وەرزش و زۆر ڕێگای تر، ئایە ئێمە لە دەرەوەی مێژووین، لە سروشتاین یان چوینەتە مێژووەوە، من جارێکیان لە وتارێکدا سێ قۆناغم دانابوو، دەرەوەی مێژوو، نیوەی ڕێگا یان پەراوێزی مێژوو، ناوەوەی مێژوو، لەوێدا پێموابوو ئێمە قۆناغی یەکەممان بەجێ هێشتووە و لە دوەمداین، ڕەنگە ئەو بڕوایەی من لەوێوە سەرچاوەی گرتبێت. کە کورد لەواری بەرگری و مانەوەدا چاوقایمییەکی زۆری نواندووە، ئێستاکە ئاوڕ لەو دۆخە شێواوەی شیعری کوردی دەدەمەوە، کە دەبینم هونەری کوردی لەناو خۆیدا لە شەڕێکی قورسدایە تێدەگەم لە هەندێ بواردا یان لە هەندێ هەنگاودا ئێمە هێشتا لە دەرەوەی مێژووداین دەرەوەی مێژوو بەو مانایەی ئێمە چیمان بە دنیا بەخشیوە، جگە لە پێشکەوتنی ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاری، جگە لە کرانەوەی زیاتر بە ڕووی دنیادا، حکومەت و دەسەڵاتی کوردی دەیانتوانی لە بواری

ڕۆشنبیریشدا له ماوەی ڕابردوودا کاری زۆر گەورە بکەن، ئێمە لە ڕۆژئاوا ئەگەر ناسرابیشین لە ڕێگای کوردناس و ڕۆژهەڵاتناسانەوە ناسراوین نە لە ڕێگای خۆمانەوە، کەس ناتوانێ لە دنیادا لەبری کەسێکی دیکە هەڵسەنگاندن لە بارەیەوە بکات، وەک چۆن تۆ ناتوانی لە بری نەخۆشێک، هەمان نەخۆشی و دیاردە و کاریگەرییەکانی بۆ پزیشکێک شی بکەیتەوە کەس لە ڕێگای زمانی خۆمانەوە گوێی لە ئێمە نەبووە، بە بڕوای من کە لە ڕێگای خۆمانەوە گوێیان لێمان دەبێت. زیاتر لە ئێمە تێدەگەن، نموونەی کامگارەکان و شەهرامی نازری و زۆری تر ڕەنگە فیلمەکانی بەهمەنی قوبادیش بچنە ئەو چوار چێوەیەوە، چوونە نێو مێژوو پەیوەستە بەوەی ئێمە تا چەند بە زمانی خۆمان، خۆمان دەگێڕینەوە، لێرەدا دەبێ ئاماژە بە گرفتێکی گەورەی ڕۆشنبیریی کوردی بدەین، گرفتی قسە نەکردن بۆ ئەوی تر، باشترین شاعیر و نووسەرانی مەغریب و جەزائیر ئەوانە نین کە بە عەرەبی دەنووسن ئەوانەن کە بە فەڕەنسی یاخود ئیسپانی دەنووسن، بە بڕوای من ئەمە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئەوان دەرگایەکی دیکەیان بە ڕووی دنیاکەی خۆیاندا کردووەتەوە، ڕەنگە دەیان دەقی ئەمازیخی و عەرەبی، ئەگەر بە فەڕەنسی نەنووسرابان، ئەو ناوبانگەیان پەیدا نەکردایە، من بڕوام وایە حکومەتی کوردی دەتوانێت ناوەندێکی گەورەی وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ ئینگلیزی دابمەزرێنێت و ئەو ناوەندە دەیان وەرگێڕی باش تێیدا کار لەسەر ئەوە بکەن کە ئێمە بۆ دنیا وەرگێڕن، نەک دنیا بۆ ئێمە، وەرگێڕانی دنیا بۆ ئیمە، ئێمە تووشی سەرسامی و حەپەسان دەکات، بێ ئەوەی دنیا ئاگاداری ئێمە بێت، وەرگێڕانی ئێمە بۆ دنیا ئێمە بەوانی دیکە دەناسێنێ، شاعیر و شێوەنچی کە بینییان ڕۆشنبیریی چاک ئەوەیە کە گۆڕان دروست دەکات و هەر ئەوەش دەچێتە نێو مێژووەوە، بۆ خۆیان دەپووکێنەوە و پاشەکشە دەکەن.